# شیعر و مەجهول

تەیب جەبار

شیعر کەشفی مەجهولە، ئەم رستەیە لای کورد و عەرەب زۆر دەوترێت و دەنووسرێت. ئەم رستەیە لە سێ وشەی عەرەبی پێکهاتووە، بەڵام بە داڕشتنێکی کوردی. وشەی شیعر، لە زمانی کوردییدا دوو وشەی بەرامبەر هەیە، ئەوانیش « هۆنراوە و هەڵبەست «ن. ئێستا هۆنراوە زیاتر و هەڵبەست کەمتر بەکاردەهێنرێت. ئێمە لەگەڵ ئەوەداین هەر وشەی شیعر بەکاربهێنرێت، چونکە هەموو خەڵکی کورد لەگەڵ ئەو وشەیەدا راهاتووە و تێیدەگا. هەروەها میللەتانی دەوروبەریش هەمان وشە بەکاردەهێنن .لە زمانی کوردییدا، کەشف بە واتای دۆزینەوە یاخود ئاشکراکردن دێت، مەجهولیش واتا نادیار و هەست پێنەکراو. رستەکە بە کوردی دەبێتە « هۆنراوە دۆزینەوەی نادیارە « یاخود بڵێین « شیعر دۆزینەوەی نادیارە «.لەبەر ئەوەی وشەی شیعر و وشەی مەجهولی عەرەبی زیاتر لەسەر دەمی خەڵکە، ئێمە لەم نووسینەدا، هەردوو وشە عەرەبییەکە بەکاردەهێنین، واتا رستەکە دەبێتە «شیعر دۆزینەوەی مەجهولە «. ئێمە ئەم رستەیە بە راست نازانین و شیعر دۆزینەوەی مەجهول نییە! بەڵکو شتێکی ترە، کە لە کۆتایی نووسینەکەدا دەیسەلمێنین .ئەم نووسینەی ئێمە، بەشێکە لە زنجیرەیەك نووسین لەسەر هونەری شیعر، هەروەها را و بۆچوونی خۆمان لەسەر ئەو هونەرە. لەبەر ئەوە، لێرەدا زۆر باسی هونەری شیعر ناکەین، بەڵام حەزدەکەین هەندێ پێناسەی جیاجیای شیعرتان پێشکەش بکەین. عەرەب دەڵێ: (شیعر قسەیەکە کێش و سەروای هەیە، مانایەك دەگەیەنێت). شاعیری عەرەب (ابو العلاء المعری) دەڵێ: (شیعر قورئانی شەیتانە). هەروەها دەڵێن: (شیعر وێنەکێشانە بە وشە، شیعر جریوەی چۆلەکەیە، شیعر کەلامی فریشتەیە، شیعر وەرگێڕانی بێدەنگییە، شیعر زمانی جومبازە...هتد)، هەموو ئەم پێناسانە جوانن بۆ شیعر، بەڵام ئێمە لەناو هەموویاندا پێناسەی (شیعر وێنەکێشانە بە وشە) مان لا جوانتر و پەسەندە .مەبەستی سەرەکی ئەم نووسینەی ئێمە زیاتر قسەکردنە لەسەر مەجهول و دۆزینەوەی مەجهول و پەیوەندی مەجهول بە شیعرەوە .

مرۆڤ لە رۆژی پەیدابوونییەوە لەگەڵ مەجهولدا دەژی و مامەڵەی بەردەوام یان پچڕ پچڕی لەگەڵ مەجهولدا هەبووە و هەیە. بە بێ مامەڵەکردن لەگەڵ مەجهولدا هەڵناکا و ئاسوودە نابێت. بەڕای ئێمە مرۆڤ لە سەرەتای

پەیدابوونیەوە تاکو ئەمڕۆ لەگەڵ چوار مەجهولدا مامەڵە دەکات، ئەمانەی خوارەوە چوار مەجهولەکەن .1 :مەجهولی ئەفسانەیی :ئەفسانە بەشێکی گرنگی مەعریفەی مرۆڤە بە درێژایی مێژوو. مەعریفەی مرۆڤ بە ئەفسانە دەستی پێکردووە، ئەفسانە ئەو حیکایەت و چیرۆکانە دەگرێتەوە کە لە لایەن خوداوەند یاخود پاڵەوانی خورافییەوە دەوترێتەوە یاخود دەکرێت، بەڵام هیچ لەو حیکایەت و چیرۆکانە ناتوانرێت لە واقیعدا جێبەجێ بکرێت و راستییەکەی بسەلمێنرێت، لەبەر ئەوە ئەفسانە کۆمەڵێ رووداو و پاڵەوانی مەجهولی هەیە، مرۆڤ بەکاریهێناوە بۆ روونکردنەوەی دیاردە و راستی، یاخود بۆ گوێڕایەڵی و ترساندن و عیبرەت وەرگرتن، هەروەها بۆ خۆشنودی و ئاسوودەیی رۆحی. ئیتر ئەو پاڵەوانانە زیندەوەری خەیاڵی بن وەك ئاژەڵ و دار و درەخت، یاخود خوداوەند و کەسایەتی جیاواز کە دەسەڵاتی رادەبەدەریان هەیە لە بەڕێوەبردن وگۆڕینی ژیانی مرۆڤ و سروشتدا. ئەفسانە هەر بە مەجهولی دەمێنێتەوە و کەشف ناکرێت. لای خەڵکانێك هەندێکیان پیرۆزن و گوێڕایەڵی دەبن، لای خەڵکی تریش دەقی جوان و چێژبەخشن. بەڵام هەندێك ئەفسانەش هەیە بە پێی بەرەوپێش چوونی زانست پووکاونەتەوە و دەپووکێنەوە. مەجهولی ئەفسانەیی بەرهەمی خەیاڵە .2 .مەجهولی ئایینی :مەجهولی ئایینی، ئەو شتە مەجهولانە دەگرێتەوە کە لە ئاییندا (زەمینی بێت یان ئاسمانی) باسی کراوە، مرۆڤ رۆژانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات وەك (بەهەشت، دۆزەخ، رۆح، شەیتان، جنۆکە، پردی سیرات، ژیانی پاش مردن... هتد) ئەم مەجهولانە لە کتێبی ئایینیدا باسیان کراوە و ناویان هاتووە و پیرۆزن، لای خەڵکی باوەڕدار وجودیان هەیە و نادیارن، ئەم مەجهولە ئایینیانە یەکێکن لە کۆڵەکەکانی باوەڕداری. هەموو مرۆڤ بە گشتی، باوەڕداران بە تایبەتی، مامەڵەی تەواویان لەگەڵدا دەکەن بۆ رێکخستنی ژیان و گوزەران و هەڵسوکەوتی رۆژانەیان، هەروەها بۆ گوێڕایەڵی و ترساندن و عیبادەت و دڵخۆشی و ئاسوودەیی رۆحی. نابێت مرۆڤ خۆی لە قەرەیان بدات بۆ کەشفکردنیان. هەروەها تا ئێستا زانست نەیتوانیوە هیچ شتێکیان لە بارەوە کەشف بکات، ئێمە لەو باوەڕەداین، زانست، نە ئێستا و نە دوارۆژیش، ناتوانێت هیچ شتێکیان لە بارەوە بڵێت، هەر بە پیرۆز ونادیار دەمێننەوە. ئایین و مەجهولی ئایینی بەرهەمی عەقڵ و خەیاڵن .3 .مەجهولی زانستی (مادی) : مەجهولی مادی ئەو مەجهولانەیە کە لە سروشت و مرۆڤدا بونیان هەیە، وەك ( سروشت بە هەموو پێکهاتە و دیاردەکانییەوە، جەستە و دەروونی مرۆڤ بە هەموو پێکهاتە و دیاردەکانییەوە). ئەم مەجهولە مادیانە دیار و نادیارن، لە

سەرەتای پەیدابوونی سروشت و مرۆڤەوە وجودیان هەیە، بەڵام پێکهاتە و بۆندی نێوانیان بە نیسبەت مرۆڤەوە نادیار بووە، مرۆڤ لە سەرەتای پەیدابوونیەوە تاکو ئێستا، لە ڕێگای زانستەوە، مامەڵەی وردی لەگەڵیاندا کردووە، توانیویەتی پێکهاتە و بۆندی نێوانی بەشێکیان بدۆزێتەوە و ئاشکرای بکات و لە خزمەتی مرۆڤدا بە کاریان بهێنێت. ئەم مەجهولە مادیانە پیرۆز نین و قابیلی دۆزینەوە و هەڵوەشاندنەوە و جارێکی تر لێکدانەوە و دروستکردنەوەن، هەروەها لە ڕێگای زانستەوە توانراوە، زۆر هاوکێشە و دیاردە، تەفسیری جیاواز و پێچەوانەیان بۆ بکرێت، وەك چۆن جاران وایان دەزانی خۆر بە دەوری زەویدا دەسوڕێتەوە، بەڵام ئەستێرەناس و فەیلەسوفی ئیتالی گالیلۆ گالیلی (1564 – 1642ز) هات و لە ڕێگای زانستەوە توانی ئەو هاوکێشەیە ڕاست بکاتەوە کە زەوی بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە، هەروەها جاران دیاریکردنی ڕەگەزی منداڵ لە سکی دایکدا بە شتێکی مەجهول و حەرام دەزانرا، بەڵام ئێستا لە ڕێگای ئامێرێکی سادەی وەك(سونار)ەوە، دەتوانرێت ڕەگەزی منداڵ دیاریبکرێت. هەروەها دۆزینەوەی سەرچاوەکانی مادە و پێکهاتەکانی، هۆکاری دیاردەکانی سروشت، دۆزینەوەی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ و دەروونی مرۆڤ و دیراسە کردنیان، بۆ دۆزینەوە و چارەسەری نەخۆشی. بەڵام ئەم مەجهولانەی سروشت و جەستە و دەروونی مرۆڤ، بە ملیارەهان و جارێ زۆربەیان کەشف نەکراون و پیرۆز نین، لەگەڵ ڕەوتی بەرەوپێشەوە چوونی زانستدا وردە وردە کەشف دەکرێن و بۆ خۆشگوزەرانی و ئاسودەیی و ئارامی مرۆڤ سودیان لێ وەردەگیرێت. کەشفی سروشت و پێکهاتەی لەگەڵ کەشفی پێکهاتەی جەستە و دەروونی مرۆڤ بەرهەمی عەقڵ و زانستن. بەڵام لە بواری داهێنانی زانستیدا، خەیاڵ دەوری سەرەکی دەبینێت .4 .مەجهولی هونەری (شیعر) :من لێرەدا تەنها قسە لەسەر مەجهول لە شیعردا دەکەم، مەجهول لە بەشەکانی تری ئەدەب و بەشەکانی هونەردا جێدەهێڵم بۆ نووسەر و هونەرمەندی ئەو بابەتانە .مەجهولی شیعرانە کە بابەتی سەرەکی ئەم نووسینەی ئێمەیە، مەجهولێکە پەیوەندی بە مەجهولی ئەفسانەیی و ئایینی و مادییەوە نییە، مەجهولێکە پیرۆز نییە و لە گەردونیشدا بوونی نییە، شاعیر لە ڕێگەی خەیاڵەوە دروستی دەکات، مەجهولێکە تایبەتە بە شاعیر خۆی، کەسی تر بۆی نییە ئەم مەجهولە بەکاربهێنێت، چونکە ئەو مەجهولە کە شاعیر دەیخوڵقێنێت تایبەت دەبێت بە خۆی و تەنها لای خۆی پیرۆزە، مەجهولێکە لە واقیعدا نایەتە دی، بەڵکو لە زەینی شاعیر و وەرگردا بەرجەستە دەبێت و چێژ دەبەخشێت، ڕاستە شاعیر لە ڕێگای هەستەوە سوود لە

ماده و دیاردەی سروشت هەروەها جەستە و دەروونی مرۆڤ وەردەگرێت، بە دروستکردنی بۆندی تازە لەنێوان شتی هەستپێکراوی سروشت و ژیانی مرۆڤدا، لە رێگەی خەیاڵەوە سروشتێکی تازەی ناواقیعی دروستدەکات، بەشێوەی وێنەی شیعرانەی بەرجەستە و ئاشنا پێشکەشمان دەکات، کە بەنیسبەت ئێمەی وەرگرەوە وێنەی تازە و چێژبەخشن. مەجهولی هونەری (شیعر) بەرهەمی خەیاڵە * * * . هێنانەوەی نمونە و شیکردنەوەی، بۆ مەجهولی ئەو چوار بوارەی سەرەوە، زۆرمان هەیە بەڵام ئێمە لە سەرەوە وتمان مەبەستمان لەم نووسینە زیاتر مەجهولی شیعرانەیە، لەبەر ئەوە هێنانەوەی نموونە و شیکردنەوەی بۆ مەجهولی ئەفسانەیی و ئایینی و زانستی هەڵدەگرین بۆ هەلێکی تر، ئێستا نموونە و شیکردنەوەی مەجهولێکی شیعرانەتان بۆ دەهێنینەوە.

دلاوەر قەرەداغیی شاعیر لە شیعری (رێبوارێکی بەربەری بە تەپوتۆزی بیابانەوە) دەڵێ) :دێمە بانێژەکە دادەنەومەوە و بە چرپەیەك کە بەسەر بەفرەکەدا دەخلیسکێ بەزوبانێکی تەپوتۆزاوی کە خۆیشم تێی ناگەم رێبواری بەربەری بانگ دەکەم) (1 .(ئەم کۆپلە شیعرە، کە شاعیر خۆی بکەرەکەیەتی، لە چەند جووڵەیەك پێکهاتووە و بە چەند وێنەیەك دەربڕیوە، لە دێڕی یەکەم و دووەم و پێنجەمدا، سێ جووڵە و سێ وێنە هەیە، وێنەکان ئاسایین، وەرگر بە ئاسانی وێنای دەکا و وەریدەگرێت .دێمە بانێژەکە دادەنەومەوە و
..................................... ...............................رێبواری بەربەری بانگ دەکەم .(هاتن بۆ بانێژە) و (دانەوینەوە) و (بانگکردن)، جووڵە و وێنەی ئاساییـن، رۆژانە پیادەیان دەکەین، دەیانبینین و هەستیان پێدەکەین. بەڵام قووڵاییی بابەتەکە و داهێنان لە کۆپلە شیعرەکەدا لە جووڵە و وێنەی دێڕی سێیەم و چوارەمدایە. وە نەبێ دێڕی یەکەم و سێیەم و پێنجەم رۆڵیان نەبێ، چونکە تەواوی پێنج دێڕەکە بەیەکەوە، جووڵە و وێنەی کۆپلە شیعرەکە تەواو دەکەن .لە دێڕی سێیەمدا وێنەیەکی مەجهولمان پێشکەش دەکات (بە چرپەیەك کە بەسەر بەفرەکەدا دەخلیسکێ)، چرپە دەنگە، دەبیسترێ، بەڵام نابینرێ و کێشی نییە، شاعیر وای وێنا کردووە، هەم دەبینرێ و هەم کێش و قەبارەی هەیە، کاتێ چرپەکە لە دەمی دەردەچێ و دەکەوێتە خوارەوە و بەسەر بەفری بەردەم باڵەخانەکەدا دەخلیسکێ. دروست ئەم وێنەیە مەجهولە، لە واقیعدا نایەتە دی، شاعیر دروستیکردووە، لای وەرگر زۆر سەرسامکەر و چێژبەخشە .لە دێڕی چوارەمدا شاعیر وێنەیەکی

تری مەجهولمان پێشکەش دەکا (بە زوبانێکی تەپوتۆزاوی کە خۆیشم تێی ناگەم)، زوبان-زمان-قسەکردن، دەنگە، دەنگیش دەبیسترێ بەڵام نابینرێ، شاعیر خەسڵەتی تەپوتۆزاوی داوە بە زمان، وەك بڵێی دەبینرێت، کە ئەمە دوورە لە واقیعەوە، چونکە زمان قەت ئەو خەسڵەتەی نەبووە و وەریناگرێت، دەکرێت لە واقیعدا هەندێ خەسڵەتی تر بە زمان-قسەکردن بدرێت، وەك زمانی نەرم یاخود زمانی توند، بەپێی بەرزی و نزمی تۆن و چڕی دەنگی ئاخاوتن. بەڵام هەرگیز خەسڵەتی تەپوتۆزاوی وەرناگرێت، چونکە دەنگ نابینرێت، لە دەمەوە دەردەچێ و تەپوتۆزاوی نییە، کە لە دەمیش هاتە دەرەوە لە هەوادا نابینرێت تاکو بزانین تەپوتۆزی لێ نیشتووە یاخود نا. داهێنانی شاعیر لەوەدایە بە گۆڕینی خەسڵەتی زمانەکە لە نەبینراوەوە بۆ بینراو و قەبارەدار و دروستکردنی وێنەیەکی مەجهول، کە لای وەرگر سەرسامکەر و چێژبەخشە .ئەم دوو وێنەیە (خلیسکانی چرپە بەسەر بەفردا) و (زوبانی تەپوتۆزاوی)، خەسڵەت و بۆندی ئاساییان تێکشکاندووە و خەسڵەتی تازە و بۆندی تازەیان دروست کردووە، شتی ناباویان کردووە بە باو، ئەم دوو وێنەیە لە واقیعدا وجودیان نییە، شاعیری داهێنەر دروستی کردوون. لە زەینی وەرگردا سەرسامی دروست دەکەن و بە چێژەوە بەرجەستە دەبن .ئەم دوو وێنەیە بەرهەمی خەیاڵی مرۆڤن، خەیاڵدانێکی کارا و داهێنەرانەی شاعیر دروستی کردوون .ئەم دوو وێنەیە تایبەتن بە شاعیر دلاوەر قەرەداغی، هی کەسی تر نییە، هەردووکیان لای شاعیر پیرۆزن، هەقی خۆشییەتی شانازییان پێوە بکات، چونکە موڵکی خۆیین، پێش ئەم کەسی تر دروستی نەکردوون. وەرگریش دەتوانێت بە پیرۆز وەریان بگرێت، ئەگەر وەرگرێکی بەسەلیقە بێت و خەیاڵدانێکی کارای هەبێت .بەپێی ئەو شیکردنەوەیەی لەسەر کۆپلە شیعرەکە کردوومانە، دەرکەوت کە شیعر کەشفی مەجهول نییە (وەك لە سەرەوە وتمان)، بەڵکو دروستکردنی مەجهولە. چونکە ئەو دوو وێنەیە لەو کۆپلە شیعرەدا وێنەی مەجهولی دروستکراون، لە واقیعدا وجودیان نییە، خەیاڵدانی شاعیرێکی داهێنەر دروستی کردوون، نەك ئەوەی لە سروشت یاخود ژیانی مرۆڤدا هەبووبن، تا ئێستا کەس هەستی پێ نەکردوون، دلاوەری شاعیر هاتبێ کەشفی کردبن * * * .زۆرجار دەوترێت شاعیر پەیامبەرە، منیش دەڵێم، بەڵێ وایە. بەڵام بە مەرجێ ئەو شاعیرە شاعیرێکی رەسەن بێت، خاوەن خەیاڵدانێکی کارا و داهێنەرانە بێت، بتوانێت وێنەی مەجهول دروستبکات، لە زەینی وەرگردا بە ئاسانی بەرجەستە ببێت، نەك وێنەی ئاڵۆز و رەق و تەق، شتی باو بگۆڕێت بۆ ناباو، شتی ناباویش بگۆڕێت بۆ باو. دروستکردنی بۆندی

تازە لەنێوان شتی هەستپێکراوی سروشت و ژیانی مرۆڤدا، کارێکی ئاسان نییە و بە هەموو کەس ناکرێت، جگە لە شاعیر و هونەرمەندی داهێنەر. هەموو ئەو پەیامبەرانەی بەدرێژایی مێژوو بە نەمری ماونەتەوە، ئەو پەیامبەرانەن کە مەجهولیان دروستکردووە، بۆ هەر مەبەست و مەرامێك بێت، پەیامەکەی خۆی لە رێگای دەقی ئەفسانەیی و حیکایەت و وێنەی مەجهولەوە گەیاندووە، خۆی و پەیامەکەی بە نەمری ماونەتەوە. بەڵام ئەو پەیامبەرانەی نەیانتوانیوە دەقی ئەفسانەیی و حیکایەت و وێنەی مەجهول دروستبکەن، خۆیان و پەیامەکانیان لەبیرکراون، مەگەر لە کتێبی مێژوودا باسبکرێن .شاعیری ئەمڕۆ ئەرکێکی قورسی لەسەرە، کە دەبێت رۆڵی پەیامبەر ببینێت، شیعرێکمان بۆ بنووسێت پڕ بێت لە وێنەی مەجهول و پەیامی خۆی بگەیەنێت، بە پێچەوانەوە حسابی شاعیری پەیامبەر و پەیامداری بۆ ناکرێت و لەبیردەچێتەوە .مەجهولی ئەفسانەیی و مەجهولی ئایینی ماون و کاری خۆیان دەکەن و بەردەوامن، لە هەموو جیهاندا خەڵکێکی زۆر پابەندن پێیانەوە و پەیڕەویان دەکەن. بەڵام لای هەندێ خەڵکیش کاڵ بوونەتەوە، لای هەندێ کەسیش بیریان لێناکرێتەوە .ئەمڕۆ بەهۆی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆجیاوە، دروستکردنی ئەفسانەی تازە و هاتنەکایەی ئایینی تازە، کارێکی زەحمەتە و دەتوانین بڵێین مەحاڵە. مەجهولی ئەفسانەیی و ئایینی، هەزاران ساڵە هەن، دەقی خۆیان وەرگرتووە و بەکاردەهێنرێن و گۆڕانکارییان بەسەردا نایەت، دەتوانین بڵێین خەریکە ببنە شتێکی ئاسایی و سادە، بەڵام پیرۆزن، خەڵکانێکی زۆر پێیانەوە پابەندن. ژیان بەردەوام لە گۆڕاندایە، زانست و تەکنەلۆجیا بەردەوام لە پێشکەوتندایە، مرۆڤی ئەمڕۆ، رۆژ بە رۆژ هەست بە نامۆبوونی زیاد دەکات، بۆیە مرۆڤ پێویستی بە مەجهولی تازەیە، وەك لە سەرەوە وتمان بەبێ مەجهول هەڵناکا و ناسرەوێ، بەردەوام پێویستی بە مەجهولی تازەیە بۆ چێژ وەرگرتن و ئاسوودەیی رۆحی. ئەرکی شاعیر و هونەرمەندە، کە هەمیشە مەجهولی شیعرانە و هونەرییانەی تازەی پەتی بۆ مرۆڤ دروستبکەن، تاکو هەتی نامۆیی کەمبکاتەوە یاخود لێی رزگار ببێت، هەست بە ئارامی و دڵخۆشی بکات و رۆحی ئاسوودە بێت .
پوختەی مەبەستی بابەتەکەمان بە چوار خاڵ، بەم شێوەیەی خوارەوە کۆتایی پێ دەهێنین.1 :ئەفسانە: بەرهەمی خەیاڵە، دروستکردنی مەجهولە.2 .ئایین: بەرهەمی خەیاڵ و عەقڵە، دروستکردنی مەجهولە.3 .زانست: بەرهەمی خەیاڵ و عەقڵە، کەشفی مەجهولە.4 .هونەر (شیعر): بەرهەمی خەیاڵە، دروستکردنی

مەجهولە، نەك كەشفی مەجهول .سەرچاوە (1) :دلاوەر قەرەداغی/ لێرەولەوێ
باران. دووراودوور هەتاو/ كۆشیعر/ سلێمانی-چاپخانەی تاران/ چاپی یەكەم-
2020/ ل590 . . ..سەرچاوە: پاشكۆی ئەدەب و هونەری كوردستانی نوێ
ژمارە ٨٢٩٢ ڕۆژی پێنجشەممە ١٨ ی شوبات ٢٠٢١